# سەرنجێك لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکان

## بەسیاسەت بوونی داب ونەریتە کۆمەڵایەتیەکان وەك نمونە

**هەرێم هەریری**

هاوڵاتیان بەحوکمی گیرسانەوەیان لەهەر پانتاییەکی جوگرافی دیاریکراوەوە ، کۆمەڵگەیەکیان بەپێی قەبارەیان بۆ خۆیان پێکهێناوە وبەهۆی مامەڵەو سەودای ڕۆژانەشیان لەگەڵ یەکتریدا رشتەیەك داب ونەریت ورەفتارو پیشەو دیالێکتیان داهێناوەو بەشێوەیەکی بەردەوامیش ئەو دیاردانەیان لەژیانی رۆژانەیاندا فۆرمەڵەو پیادە کردووە و دەیکەن ، ئەمە خەسڵەتێکی هاوبەشی تێکڕای کۆمەڵگاکانی ئادەمیزادە بێ جیاوازی ...

کوردەواری ( بەواتا کۆمەڵگەی کوردی ) وەك نمونەیەکی ئەو کۆمەڵگایانە شوێنێکی جوگرافی بایەخدارو پێکهاتەیەکی هەمەچەشن وتێکهەڵکێش لەخۆ دەگرێت وبەردەوامیش لە فراوانبوون وگۆڕاندایە بەتایبەتی دوای ئەو وەرچەرخانە مێژوویی یەی کە لەدوای راپەڕینەوە بەخۆیەوە بینی کە دەرەنجامەکەی سەرهەڵدان ویەپیدابوونی ژمارەیەکی زۆر لە دیاردەی کۆمەڵایەتی ( پۆزەتیڤ ) و( نێگەتیف ) لەنێو خودی کۆمەڵگاکە وەك زەرورەتێك دروست بوون وبەردەوامیش لەزیادبووندان ٠

ئەگەر سەرنج لە راست وچەپی ئەو کۆمەڵگایە بدەین ئەوا ئەو دیاردانە زۆر بەزەقی بەر چاومان دەکەون کە لە نێوانیاندا دیاردەکانی کردەوەی باش وخراپ ، رەوشتی بەرز ونزم ، روخساری جوان وناشرین ، هەڵوێستی ئازایانەو ترسنۆکانە ... هتد وەك رەنگدانەوەیەکی سروشتی ئاستی مەعریفی تاکەکانی کۆمەڵگایە لەماوەو کاتێکی دیاریکراودا سەریان هەڵداوەو خۆیان نیشان ئەدەن ، ئیتر دوای ساغبونەوەیان وبڵاوبوونەوەیان لەناو کۆمەڵگەکە، وەك داب ونەریتێك خۆیان دەچەسپێنن وتا لەدوا قۆناغیشدا وەك باشیەك یان خراپیەکی ئەوکۆمەڵگەیە خۆیان دەنوێنن و ناوە ناوە بەپێی گونجانی هەلومەرج وکات سەر دەر ئەکەنەوە جا گەر باشە بێت ئەوا خێری پێوەیە وگەر خراپەش بێت ئەوا گۆبەندی بەدواوەیە .... ئێمە بەچاکمانزانی بە هۆی تەشەنەکردنی ئەم دیاردەی دوایی ( نەرێ ) کە لایەنە درێوەکەی کۆمەڵگایە ، بە شێوەیەکی زانستیانەو بابەتیانە و لەبەر گرنگیەکەی ، هەڵوەستەیەکی رەخنەگرانەی بونیادنەرانە لەسەری بکەین و بۆ ئەوەی هەوڵێکیش بێت بۆ رزگاربوون لەو دیاردە ( نەرێ ) یە کە لە راستیدا نامۆیە بە ژیانی کۆمەڵگا.

یەکێك لەو دیاردە نەرێ ( سلبی ) یانەی کۆمەڵی کوردەواری کە سالآنێکە بەدەستیەوە دەناڵێنێت .... دیاردەی بەسیاسەت بوونی داب ونەریتە کۆمەڵایەتیەکانە ...ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵناسیدا لە خانەی دەردە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەژمار دەکرێت ، بەواتای بەخشینی شێوەو شکڵێکی سیاسیانەیە بە داب ونەریتە کۆمەڵایەتیەکان وەیان لەقاڵبدانێکی سیاسیانەی داب ونەریتەکانە لە ناو کۆمەڵگەدا کە دواجار بەسیاسی کردنی داب ونەریتە کۆمەڵایەتیەکانی لێدەکەوێتەوە

بێگومان فاکتەری زۆر بۆ پەیدابوونی ئەو دیاردەیە هەیە لەوانە : (بیرتەسکی وناهۆشیاری تاك لەناو کۆمەڵگە ، رووخانی ئینتیمای هاوڵاتیبوون لەبەرامبەر ئینتیمای سیاسی ، لەپێشگرتنی بەرژەوەندی یە تایبەتیەکان لەبەرامبەر بەرژەوەندیە گشتیەکان و تاکرەوی وئارەزووی زاڵکردن وخۆسەپاندن و ..... هتد ) ، بەڵام رەنگە زەقترینی ئەو هۆکارە سەرەکیانە ئەو هەلومەرجە سیاسیە نوێیە بێت کە لەدوای راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاو تێیدا بۆ یەکەمجار چەندین هێزی سیاسی لەسەر گۆرەپانی کوردستان دا پەیدا بوون ودواتر بەحوکمی ژیانی سیاسی نوێوە ململانێی نێوان ئەو هێزانە دەستی پێکرد ، ئیتر گەلێك شت لەو رۆژەوە بەسیاسی کراو ئاوێتەی بوون و ووردە ووردە تا کارەساتی شەڕی ناوخۆو دوای ئەوەش هەتا ئیمرۆکە ئەم هاوکێشەیە بەردەوامی هەیە..... بێگومان سەرهەڵدان ورەنگدانەوەی هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ( سلبی ) پەیوەندیەکی یەکانگیرو پتەوی بە ئاستی مەعریفی و ژینگەی کۆمەڵایەتیەوە هەیە ، چونکە بەردەوامبوون ومانەوەی هەر دیاردەیەك لەو دیاردە نەرێ یانە ( سلبیانە ) پێویستی بە عەقڵیەتێکی وشك وچەقبەستوو هەیە بۆ جۆشدان وبزواندنی عەقڵە تازەکان وهەروەها ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی داخراو وقەتیسکراویشی گەرەکە کە تاکەکانی وەك ئەکتەر لەسەر شانۆی ئەو کۆمەڵگەیە نماییشیان پێبکات هەر بەم شێوەیەش ئەم دیاردانە وەك سورێکی بەردەوام لەناو کۆمەڵگادا مانەوەی خۆیان مسۆگەر ئەکەن

... لەم رووەوە کۆمەڵگای کوردی ( کوردەواری ) بێ هیچ دوو دڵیەك

ساڵانێکه نوقمی ئەو هاوکێشه ئاڵۆزه بووەو بەدەست زۆرێك لەو دیارده ( سلبی) یه کۆمەڵایەتیانەوه ئەناڵێنیّ وەك ( بۆنه ویادەوەریەکان ، کۆڕو سیمینارەکان ، پەیوەندی کۆمەڵایەتیەکان ، یانه رۆشنبیری و چالاکیه وەرزشیەکان ، تەنانەت رەفتارو خواردن وجلوبەرگ وکڕین وفرۆشتنیش ... هتد) هەموو ئەوانەو زۆرێکی ترلەو مەیدانانەی گرتووەتەوه بوونەته پێخۆرێکی چەور بۆ میکرۆبەکانی ئەم دیاردەیه ، ئەوەتا هەموو ئەو داب ونەریته جوان و واتادارانەی ناو کۆمەڵگاکەمان لە مەبەست وتام وچێژه خۆش وبەها پیرۆزەکانیان بەهۆی تێکەڵاوبونیان بەسیاسەتەوه خاڵی و بەتاڵبوونەتەوەخەریکە هیچ مانایەکیان نامێنیّ ، زەماوەندوشایی وئاهەنگ گێران، ئەگەر خێزانیش بێت، سیاسەتی تێکەوتووه ، خێزان وپەیوەندیەکانی خزمایەتی و دراوسێتی و دۆستایەتی لێوان لێو غەرقی گۆمی سیاسەت بوونه ، سەوداو کڕین وفرۆشتن ومامەڵەی رۆژانە وکاسبی دیسان بەسیاسەت ئاوێته بوونه ، ئایین وشوێنەپیرۆزەکان وکه ئەبوایه قودسیەتیان وەك خۆیان بمایاتەوه هەمدیس ئاوێزانی سیاسەت بووه ، خوێندن وپرۆسەی پەروەردەش بەجارێك حاڵی پەرێشانبووه بەهۆی کارتێکردنی سیاسەتەوه ... بەکورتی هیچ بوارێکی ناو کۆمەڵگا نەماوەتەوه کە سیاسەت هێرشی خۆی نەکردبێته سەری ملکەچی ئیرادەی خۆی نەکردبێت وبەسیاسەت ژەهراوی نەبوو بێت ... هەڵبەت ئەم دیاردەیە وەیان راستروایه بڵێین ئەم دەردە کۆمەڵایەتیە ، وێڕای دەرهاویشته خراپەکانی وکاریگەریەکەی لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە کە خەریکە شێوەو ئاراستەکەی تێکبدات، ئەگەرتا ئێستا تێکی نەدابێت، ئەکرێت بەری لێ بگیرێت ونەهێڵرێت لەوە زیاتر زیادەڕەوی بکات بەوەی کە تاك وکۆی ئەم کۆمەڵگەیەویژدانیان بەر لەسۆزیان بجوڵێنن ، ئینتیمایان بۆ نیشتیمان بێت پێش ئەوەی بۆ بەرژەوەندیان بێت ، رۆشنبیریان لەپێناو هۆشیاربوونەوەیان بێت نەك لەپێناو پەرتەوازە بوونیان بێت ، دیاره ئەم وەرچەرخاندنەش پێویستی بە بەشداری پێکردنی هەموو دەزگاو کۆمەڵایەتیەکانە هەر لە خێزانەوه بگره تا دەگاتە حکومەت ودەوڵەت وسەرکردایەتی ، بۆیه پێمواپە لەخێزاندا دایك وباوك ئەبیّ لەناو خێزاندا بە سۆزی باوکایەتی ( دایکایەتی ) لەگەڵ رۆڵەکانیاندا هەڵس وبنیش بکەن ، نەوەکو دوو بەرپرسی سیاسی گەوره دڵڕەقانە وبیّ بەزەییانە ئەمرو نەهی یان لێ بکەن .. .. خزم وکەس وکار ئەتوانن پەیوەندی باش و قسەی خێر بۆ یەکتر باس بکەن نەوەکو قۆستنەوەی ئەو پەیوەندیە خزمایەتیەیان بۆ جێبەجێکردن وبەدەستهێنانی مەرامێکی سیاسی و

# با بە روخساری شیرین و بەخەندەو بزەی سەرلێوان یەکتر بدوێنین و رووبەڕووی یەکتر بینەوە، نەك بەچاو سوورکردنەوە

بەرژەوەندیەکی تایبەتی، .... مامۆستایانیش لە خوێندنگاکاندا لە گەڵ خوێندکارانیاندا دوانەیەکن گەر بەئەمانەتەوە ئەوەی لە توانایاندایەپێشکەشیان بکەن ئەوا مرۆڤێکی راستو رەوشت بەرزو سوود بەخش پەروەردە ئەکەن وەك دیاریەکیش پێشکەشی کۆمەڵگەی دەکەن، نە وەك پێچەوانە مامۆستا وەك کادیرێکی سیاسی و خوێندنگاش وەك بارەگایەکی حیزبی بێت وئیتر پەروەردەی سیاسی لەبری پەروەردەی مەعریفی فێری رۆڵەکانمان بکەین، لە شەقام وکوچەو کۆڵانەکانماندا، با بە روخساری شیرین وبەخەندەو بزەی سەرلێوان یەکتر بدوێنین و رووبەڕووی یەکتر بینەوه ،نەك بەچاو سوورکردنەوه وپێژلێدان بۆ یەکتری ، مزگەوتەکان وزانایانی ئایینی لەبری لێکدانەوەی کۆن وجیاجیا بۆ چەند دەقێکی ئایینی دیاریکراودا کە بەمەبەستی سەرلێشێواندن وقوڵکردنەوەی مەینەتیەکانی تاك ئاراستەکاری نیشان ئەدەن ، ئەتوانن لە رێگەی لێکدانەوەیەکی زانستیانەو بابەتیانەی هاوچەرخدا دەورێکی کاریگەر لە وشیارکردنەوەو رێنمایی کردنی خەڵك بگێرن، ئەمەو هەروەها لەباقی ئاکارو نەریتەکانی دیکەماندائەکریّ نەرمترو لەسەرخۆترو جوانتر بجولێینەوە ..............

لەکۆتاییشدا دەڵێم : ئەشیّ کەسێك بەردەوام لەبازنەیەکی بەتاڵدا سوور بخواتەوه بەڵام مەحاڵە کۆمەڵگەیەك هەمیشە لەناو ئەو جۆرە بازنانەدا بەردەوام بخولێتەوه.. هەر بۆیە با هەموومان، هەریەکێکمان لە شوێن وپێگەی کۆمەڵایەتی خۆمانەوە قۆڵی جوامێری لێ هەڵبکەین وئەو دیارده و دەردە کۆمەڵایەتیە درێوو رزیوەی نێو کۆمەڵەکەمان توور تێهەڵدەین و کۆمەڵگەیەکی زیندوو وپێگەیشتوو بنیات بنێین کە تێیدا تاك وکۆمەڵ ببنه هەوێنی دوارۆژێکی گەش بۆ خۆمان ونەوەکانمان.



# کەم وکوڕی لە کەسێتی دا

ئیسماعیل حوسێن خەلیفانی

بوون و دەرکەوتنی ناتەواوی لە تاکدا دیاردەیەکی دەرونی کۆمەڵایەتی‌یە لە پێکهاتەی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ ڕەنگ دەداتەوە ئەوانەی لەم چەشنەن تەرزێکیان پەرۆشی زۆریانەو هەوڵیش دەدەن بۆ خۆدەربازکردن‌و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بەمەبەستی زاڵبوون بەسەری، ئەم دیاردەیە جیاوازی هەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، بە پێی ڕەگەز وتەمەن وپیشە وژینگە وە لەبواری کارو پیشەو سەوداو مامەڵە یا لە مەیدانی چالاکی‌و بزاوتە کۆمەڵایەتیەکاندا هەستی پێدەکرێت، هەندێك لەو تاکانە لەوانەیە بەهۆی کەم ئەزموونی‌و نەشارەزاییە لەو بوارانە کە دەکەوێتە ئەستۆیان، بەڵام هەندێکی تریان دەیشارنەوە و بیانوی جۆراوجۆری دەدەنە پاڵ ...لە ڕاستیدا دۆزینەوو دەستنیشانکردنیان ڕێگایە بەرەو چاکبوون.

دەربازبوون یان دوورکەوتنەوە لە خەوش‌و کەموکوڕیەکان ویست وخۆزگەو داوای ئەوانەیە کە دەزانن ئەم دیاردەیە بێهێزو لاوازیان دەکات لەناو کۆمەڵ و ......... هتد

چۆنیەتی زاڵبوون بەسەر ئەم دیاردە نەرێیە (سەلبی)یە دەبێتە پرسیارێك کە سەرنجی هەر تاکێك ڕابکێشێت لە کۆمەڵگەدا، پێویستە لە بەراییدا بزانێت کە ناتەواوی‌و خەوشەکی لە چی یەوەیە؟ لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ بۆ نموونە، لاوازی متمانەبوون بە (خود )، یا ترس وفۆبیا یان دوو دڵی وەیان نەگونجان لەگەڵ واقیع دا .....

بۆیە لێرەدا پێویستە پێناسێکی ئەو دیاردەیەمان ڕەچاوکەین بە مەبەستی پۆلینکردن وریزبەندی بۆ کردنی دەرهاویشتەکانی ئەم دیاردەیە، کە بێگومان ئەمەش وەك تەکانێك وایە بەرەو خۆ ئامادەکردنی تاك وە چاو تێبڕین لە توانستەکانی وگەڕان بۆ شارەزایی زۆرترو ئاراستەبوون. ئەمانەی ئاماژەمان پێدان هەنگاوی سەرەتایین بۆ تاك لەبەرامبەر ئەم دیاردەیە.

دیارە بەهێزبوون وئەکتیف بوونی مرۆڤ لە بواری هزردا نهێنیەکانی سروشتی خۆی ودەوروبەری لا ئاشکرا دەبێت، بەمەش ئاراستەکان بەرەو ئاقاری چاکترو پوخت وئاسایی سەر ڕێ دەبن، بۆ ئەوەی هەرچی زووترە لەم دیاردەیەش ڕزگارمان بێت پێویستە سەرەتا مرۆڤ خۆی بناسێت وپێوانە بکات هەروەك فەیلەسوفی بەناوبانگ ( سوکرات ) دەڵێت: (( خۆت بناسە ))

بێگومان ئەو کەموکوڕیانەی کە تاك گیرۆدەیان بووە زۆرن بۆیە هەوڵ ئەدەین هەرجارە یەکێکیان دەستنیشان بکەین وبیوروژێنین، لەسەری هەڵوەستە بکەین بۆ ئەمجارەش بابەتی باوەڕ بەخۆبوون مان هەڵبژارد کە بایەخێکی زۆری لە هێنانەکایەی گۆڕاندا هەیە بەتایبەتی لە بوارە جیاجیاکاندا کە تاك سەرقاڵیەتی بەتایبەتی لایەنی پیشەیی و پسپۆڕی ...... هتد.

## باوەڕ بەخۆبوون ( الثقة بالنفس )

هەندێك لە تاكەكانی كۆمەڵ هەر لەسەرەتاوە تاكو گەورە بوونیشیان باوەڕ ومتمانەیان بە خۆیانەوە زۆر بەهێزە وكەمتر سڵدەكەن ودەترسن، ئەوانە جۆرە كەسانێكن كە هەمیشە لە هەستانەوەو هەڵكشاندان هیچ شتێك نیە بەرگەیان پێ بگرێتو سەغڵەتیان بكات لە كاری ڕۆژانەیان یان لە مەیدانی چالاكیان گەر سەركەوتووش نەبوون ئەوا زوو بە زوو سەرلەنوێ لە بوارێكی دیكەدا دەرئەكەونەوەو سەر لەنوێ چالاكیەكانیان دەنوێننەوە، پرسیار لێرەوە ئەوەیە كە چ شتێك وادەكات ئەوكەسانە ئاوەها بروایان بەخۆیان زۆر بێت ودڵنیابن؟

بۆچی هەندێ كەس لەهەندێكیتر جیاوازن؟ لەكوێ فێری ئەو ریتمە دەروونیە بەهێزە بوونە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستمان بەوەیە كەبگەڕێینەوە بۆ قۆناغەكانی تەمەنی منداڵیو چۆنیەتی پەروەردە بوونی ئەو تاكەو هەروەك قۆناغەكانی تریش لە رووی نەشونماكرنی باقی لایەنەكانی ژیانی ئاسایی ئەو تاكە، تاك بۆ ئەوەی باوەڕو متمانەی بەخۆیەوە بەهێزبێت وهەست بكات لە ناو كۆمەڵگادا سەنگ ورۆڵی خۆی هەیە، سەرەتا دەبێت رێز لە خودی خۆی بگرێتو بەهەندی بزانێت، چونكە لەناخی هەرتاكێك هەستێك هەیە، بەوەی كە خەڵكانیتر لێمان قایل بنو لەناو خۆیاندا جێمان بۆ بكەنەوە دیارە ئەم ئارەزووەش گشتگیرەو وامان لێدەكات كە هەست بەدڵنیایی بكەین، لەم رووەوە، شارەزایانی قوتابخانەی پزیشكی دەروونی پێیانوایە ئەو تاكانەی ڕاڕاو دوودڵن وادەزانن بێهێزیەك لە كەسێتیەكەیاندا بەدی دەكرێت ئەوانە متمانەیان بەخودی خۆیان لاوازەو پێیان وایە شتێك هەیە هەرەشەیان لێدەكات، ئینجا كاتێك سەیری بوونەوەر دەكات بۆ ئەو شتێك ناكات، چونكە خۆی لە خودی خۆیو هاوەڵەكانی دەوروبەری بە گومانە بۆ نموونە (دانا) ی هاورێی ئەمڕۆ سڵاوی لێ نەكردووە یان (زانا)ی هاوپیشەی پشتگوێی خستووە، ئەوانە بەخێرایی گومانی لا دروست دەكەنو لە خەیاڵی ئەودا لە هەموو لایەكدا گوشارو هەڕەشەی لێدەكرێت، كە لەڕاستیشدا پێچەوانەیە، لە كوردەواری خۆشماندا وتەیەك هەیە دەبێژێت (( هەركەسێك باوەڕ بەخۆی نەكات باوەڕ بەكەسانی تریش ناكات )) چۆنیەتی لاوازنەبوونی متمانە بەخۆ لە بەرامبەر هەڵوێستو رووداوەكان پێویستە سەرەتا زاڵبین بەسەر خەیاڵ وئەندێشەكان كە دەبنە هۆكاری نادروست، ئەمەش گۆڕانی خراپ بەسەر تاك بەجێدێڵێت و دواتریش زاڵبوونە بەسەر خەڵكانی تر لەكاتی پەیوەندی گرتن لەگەڵیاندا.

جا ئەگەر بێتو تاك وێنەی خراپ لەسەر خودی كەسێتی خۆی هەبێتو خوازیاربێت بیگۆڕێت بە وێنەیەكی جوانتر، ئەوا پێویستی بە تواناو ویست بۆ وێناكردن وخەیاڵكردنەوە هەیە، دەبێت ئەوەش لەیاد نەكرێت كە بەبێ هەوڵوخۆ ڕاهێنان ناتوانین لەم كاردا سەركەوین، هەر هەموو شتێك لە بیرو مێشكدا دەستپێدەكات وەكلیلی سەركەوتنیش خەیاڵێكە لای خودی خۆتە بەس.

سەرچاوەكان :

_ عیوب الشخصیه دانانی ( هانی سلیمان )

_ تۆ بەسەر خۆت دا زاڵیت ( ویندی گرانت ) / وەرگێرانی شێرزاد حسن

# لە سویدەوە.. ڕێژەکان دەدوێن



باوكی ڕووان_سوید

سوید یەكێكە لە دەوڵەتەكانی ئەسكەندەنافیا لە كیشوەری ئەوروپا زیاتر لەسەد ساڵە شەڕی تێدا ڕوونەداوە، خاوەنی پیشەسازی بەهێزو تەكنەلۆژیای پێشكەوتووە، لەگەڵ كەمی دانیشتوانیشیدا ڕۆڵێكی تایبەتی هەیە لەچارەسەركردنی كێشەكانی جیهانی، وەك مۆدێلێكی باش تەماشا دەكرێت، بۆ پاراستنی مافەكانی مرۆڤو دابین كردنی ژیانێكی بەختیار، كە بەرژەوەندی سەرجەم توێژەكانی تێدا پارێزراوە، لە ڕێگای دەنگدانی ئازادا, گۆڕانكاری بەسەر دەستەڵاتدا دێنن، داهاتی نەتەوەییان بە گوێرەی پێویستی ژیانو كاتژمێرەكانی كاركردنو شێوەی كارەوە بەندە. سەرچاوەی پێداچوونەوەیان بۆ نەهێشتنی كەموكوریەكان، هەڵسەنگاندنی مەیدانییە، تا لەو ڕێگایەوە دەوڵەت بتوانێ خزمەتگوزاری زیاتر پێشكەش بكات.

دەزگای ناوەندی ئاماری سوید، ئەو دەزگایە، كە بەردەوام بەدوای ئامارە گشتیو تایبەتیەكاندایە، كە هەموو بوارەكانی ژیان دەگرێتەوە، بۆتە سەرچاوەیەكی بەپیت، بۆ تێڕوانینو لێكۆڵینەوە لە ئاستی وەستانو گەشەكردنی ژیانی بەختیار، سوید لەماوەی (١٠_١٥)ساڵ ئەو شێوە ئامارانە دەكات.

ئەو زانیارانەی ئامادەكراون، بەشێكە لە خستنە بەرچاوی گوزەرانی خەڵك لە ساڵی (٢٠٠٢) كە لەلایەن (یەسیكا پێرشۆن)و (لاش هێلێ)كۆكراونەتەوە، لە ٢٠٠٤دا، لە ناوەندی ئامار بلاوكراونەتەوە، زۆربەی ڕاپرسیەكە لەو هاووڵاتیانە كراوە، كە تەمەنییان لە نێوان (١٨ تا ٧٦)ساڵدایە، لێرەدا تەنیا ئەو ئامارانە بلاودەكەمەوە، كە پەیوەندیان بە بنچینەی سەرەتایی ڕۆژانەوە هەیە. بۆ ئەوەی بینە ژینگەیەك هاووڵاتیان هەست بەبوونی خۆیان و ڕەنجەكانیان بكەن لەگەڵ تێبینیەك، كە گۆڕانكاری بەرچاو بەسەر ئاستی بوارەكانی ڕاگەیاندن داهاتووە، لەساڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٧ .

ئامار:

نزیكەی ٧٢٪ "حەفتاو دوو لەسەدا" هاووڵاتیان ئامێری جل شوتنو لە ٦٥٪ ئامێری قاپ شوتن و ٨٣٪ میكرۆبی خواردنی ئامادەكردنیان هەیە. لە ساڵی ٢٠٠١ دا لە ١٥٪ هاووڵاتیان كە تەمەنیان لە نێوان ١٦ تا ٧٤ ساڵدایە، هەست دەكەن ژووری نووستنیشیان تەنگە بەو واتایە كە لە یەك كەس زیاتر لە ژوورێكدا دەخەوێت، بەمەرجێك بۆ هەر منداڵێك ژوورێك هەبێت گەرچی لەساڵی ١٩٧٥ دا ئەو ڕێژەیە ٢٨٪بوو.

لەسەدا هەشتاو پێنجی هاووڵاتیان (ڤیدیۆ)و سی دیو لە ٧٢٪ كۆمپیوتەریان هەیە، لە ماڵەوە لە ٦٤٪ ئینتەرنێتیان هەیە، لە ٧٥ ٪ هاووڵاتیان كە تەمەنیان لە نێوان ٥٥ تا ٨٤ ساڵە لە خانوویەك دەژین، كە ناتوانن كورسی جوولاوە بەكار بهێنن، بۆ ئەوەی بەلایەنی كەم بەسەر كۆسپەیەك سەركەون، ئەوانەی لە خانووی سەربەخۆو"ڤێلا"دەژین، لە ٤٠٪ ژوورەكانیان بە دار گەرم دەكەنو لە ٣٣٪ یان ئاوی گەرم بەكاردێنن بۆ گەرمكردن، لە ٣٠٪ گاز بەكاردێنن،



لە ٢٥٪ هاولاتیان هەست بەدڵەڕاوكێ دەكەن لە ماڵەوەو لە دز دەترسێن، بەلام تەنیا ڕێژەی ٢تا ٤٪ دزییان لێكراوە. لە ٢٪ هەست دەكەن دەست درێژی سێكسیو هەڕەشەیان لێكراوە، بەلام لە ١٦٪ ئەو ژنانەی بە تەنیا دەژن لەگەڵ منداڵی بچووك هەست دەكەن هەڕەشەیان لێكراوە. لە ١١٪ هەست دەكەن لەبەر دەنگە دەنگە ناتوانن بخەون، لە ٩٢ ٪ ی خانووەكانیان بەلەكۆنەیان هەیە، لە ٢٥٪ هاولاتیان كە لە بالاخانەكان دەژن، كیلۆمەترێك دوورن لە باخچەو سەوزایی. لە ٣٠٪ هاولاتیان هەست دەكەن ئەو شوێنەی لێدەژین زۆر جوانە، لە ٦١٪ هەست دەكەن كەمتر جوانە، لە ٧٪ هەست دەكەن زۆر ناشیرینە لە ١٪ هەست دەكەن زۆر ناخۆشە.



# شەقڵاوە شارێکی گەشت و گوزاری

دلشاد رەزاق رەسول

شارۆچـکەی شـەقڵاوە یەکێکـە لەشـارە گەشـت و گوزارەیـە بەناوبانگەکانی کوردستان بەهۆی هەڵکەوتی جوگرافی و سروشتی ناسك و ئاو هـەوا دڵرفێنەکەیـەوە ساڵانە خـەڵك لەشارەکانی تـری کوردسـتان بگرەلەسـەر ئاسـتی عێـراق ڕووی تێدەکـەن بەتایبـەتی لەوەرزی هاویندا قەرە باڵغێکی زۆر بەخۆوە ئەبینێت.

هەرچەندە شارۆچکەی شەقڵاوە چەند تایبەتمەندیەکی هەیە کەلە شارەکانی تـری کوردسـتان جیایـان ئەکاتـەوە، کە هـەر لەکۆنـەوە بەشاری برایەتی و بەیەکەوە ژیانی ئایینە جیاوازەکانی ئیسلام و مەسیحی و سـەرهەڵدانی بـواری ڕۆشنبیری و هونـەری بـووە، بـەڵام بـەهۆی بـاغ و بێـستان و چـەمەکانی کەشـێکی فێنـك و چـەندین سەرچاوەی کانیاوی سازگارو دیمەنـە سـرنج ڕاکێشەکەی بـەبووکی کوردسـتان ناسـراوەو بۆتـە مـاڵی گەشـتیاران، هەرچـەندە ڕێـژەی گەشتیاری لەو شارەدا ساڵانە بـەرزی و نزمـی زۆر بـەخۆوە دەبینـێ بەهۆی بارودۆخە سەختەکانی کوردستان کەتێیدا تێپـەڕیووە، بـەڵام گەشت و گوزاری لـە شـەقڵاوە مێژوویکی تایبـەتی بـۆ خـۆی تۆمـار کردوەو دەتوانین بەم شێوەیە دیاری بکرێت.

### مێژووی گەشتیاری شەقڵاوە:

دەتـوانین بڵـێین مێـژووی گەشـتیاری شـەقڵاوە بـۆ سـەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئەگەڕێتەوە، لـەدوای شـکانی سـوپای عوسمـانی و هـاتنی سـوپای ئینگلیـز بـۆ ناوچـەکە ژمارەیـەك خێزانـی ئینگلیـزو خانەوادەی ئەرمەن ڕوویان لەم شارە کردووە.

ــ لەسـاڵی ١٩٣٣ ژمارەیـەکی تـری خانـەوادەی عـەرەب لـەوەرزی هاوینـدا ڕوویـان لەشـەقڵاوە کـردوەو لەزسـتاندا گەڕاونتـەوە بـۆ باشورو ناوەراستی عێراق.

ــ لەسـاڵی ١٩٤٤ بەشـێوەیەکی بەرچـاو خـەڵك وەك و گەشـتیاری سەردانی شەقڵاوەیان کردووە.

ــ لەساڵی ١٩٨٠ تاکو ساڵی ١٩٨٩ ئەکرێ وەکـو سـەردەمی زێرینـی گەشتیاری لەشەقڵاوە دیاری بکرێت کـە گەشـتیاران لەسـەر ئاسـتی کەنـداوی عـەرەبی لـە وڵاتـەکانی سـعودیە، کوێـت، بحـرێن، قـتر، ئوردەن..هتد،هاتوونەتە شەقڵاوە بەمەبەستی گەشتکردن.

ــ لەساڵی ١٩٩١ بـەهۆی تێکـچوونی بـاری سیاسـی عێـراق پـڕۆژەی گەشتیاری بۆ ماوەی (١٢) ساڵ بەتەواوی ڕووی لەکەمی کرد.

ــ ساڵی ٢٠٠٣ گەشت و گوزار لەگەڵ ئازادی عێراق گۆڕانێکی گەورەی بەخۆوە بینی .

### هوتێل و شوێنی مانەوەی گەشتیاران.

دیارە هوتێل و جێگای حەوانەوەی گەشتیاران یەکێکە لەگرنگترین پێداویستیەکان و بنەماکانی شارێکی گەشتیاری، بۆیە لە شەقڵاوە جێگای مانەوەو هوتێل بەدوو شێواز دیاری دەکەێت.

یەکەم/ جێگاو هوتێلی میری.

ئەم جۆرە هوتێل و شوێنی مانەوەو جێگای پشووی گەشتیاران لەلایەن میریەوە بۆ دروستکردنی چەند هوتێلێك دەگەڕێتەوە.

ـ دانانی نەخشەی هوتێل بەغداد بەرامبەر هوتێل مشکور کە خۆی لە (١٢١) ژوور و پێداویستیەکان ئەدا بەڵام جێبەجێنەکرا.

ـ هوتێل خانزاد لەساڵی ١٩٤٤ پێکهاتبوو لە(٦)ژوور یەك گەرماو کە لەسەر ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی هێڵی شەمەندەفەری عێراق دروستکرا.

ــ کۆمەڵگای گەشت و گوزاری لە چیای سۆرك و پشت هوتێل خانزاد کەلە (٣٠) ژوور پێك هاتیە لەساڵی ١٩٧٥ دامەزرا.

ــ هوتێل شەقڵاوەی گەشت و گوزاری کەلە (١٣٣)ژوور و خواردنگەو مەلەوانگەو گەراجی ئۆتومبیل و تەواوی پێداویستیەکان تیدابوو.

دووەم/ هوتێل و مانەوەی کەرتی تایبەت.

سەرەتاکانی مانەوەی گەشیاری لەلایەن کەرتی تایبەتەوە سەرەتا لەژوورو خانووی کەپرو قوربوون کە بەکرێ بەگەشیاران ئەدران بەڵام لەیەکەم هوتێلی مانەوەی تایبەت لەساڵی ١٩٥١ تاکو ساڵی ١٩٧٥ ژمارەیان گەیشتە (٢٥)هوتێلی یەکەمیان هوتێلی سەلاحەددین بوو کە خاوەنی کورەکانی زوبێر ئاغا بوون لە(٣) ژوور پێك هاتبوو ناوی هوتێلەکانی تر ئەمانە بوون(هوتێلی ئەسعەد، کریکۆر، بغداد، مستەفا، عەلی کادلی، مشکور، هوتێلە سپی، سلیم، نەورۆز، خیام، زهور، حاجی رەشید، شیرین، نەوزاد، مەحمود مەلا سەعید، دواینیان مشکور بوو کەلە(٦٠) ژوورو تەواوی پێداویستیەکان پێکهاتووە.



**کانیاو مەزارگەکان.**

کانیاو مەزارگەکان دوو جێگای سەرەکی بوون کە گەشتیاران ڕوویان تێدەکەن هۆکارێکی باشن بۆ مانەوەی گەشتیاران و سەرنج ڕاکێشانیان لەشەقڵاوە.

**ـ کانیاوەکانی شەقڵاوە :ـ**

١ـ کانی دەنگارە ـ گەرەکی گوندی. ٢ـ کانی بێترمە ـ گەرەکی بێترمە.٣ـ کانی گرووـ ناو باخچان. ٤ـ کانی دەرمان ئاواـ گەرەکی خانزاد. ٥ـ کانی بێقون ـ گەرەکی سیاحی. ٦ـ ئاوی شێخ سەید ـ سیاحی. ٧ـ ئاوی سەقاوـ مزگەوتی گەورە. ٨ـ کانی ناوەنجی ـ گەرەکی شوقان. ٩ـ کانی کوزەرەـ ناوباخچان. ١٠ـ کانی باب و باپیران ـ گردی زەیتوون. ١١ـ جووت بەلوحە ـ ناو چەمان. ١٢ـ کانی ئاشقان ـ ناو چەمان.

**مەزارگەکانی شەقڵاوە:ـ**

١ـ شێخ وسوو رحمان، لای موسلمانەکان، رەبەن بوویا لای مسیحەکان.

٢ـ چاکی سەرگرد. ٣ـ دەرمان ئاوا. ٤ـ چاکی سەید. ٥ـ پیر محمەڵ گوڵ. ٦ـ باب و باپیران. ٧ـ چاکی گورگان خواردوو. ٨ـ شێخ سماییل. ٩ـ خەجەلاس. ١٠ـ مار گۆرگیس لای مسحیەکان، گردی ئەسحابان لای موسلمانان.

**پێداویستیەکانی گەشت و گوزاری شەقڵاوە:**

بۆ بووژاندنەوەو پەرەپێدانی گەشت و گوزاری لەشەقڵاوە پێویستە توێژینەوەیەکی زانستی و لێکۆلینەوەیەکی وورد بکرێت بۆ فەراهەم کردنی پێداویستیەکان لەشەقڵاوە ئەمانەن:ـ

ـ فراوان کردنی شوێنی گەشتیاران.

ـ دروستکردنی دارستان نەهێشتنی برینی درخت.

ـ دروستکردنی باخچەی ئاژەلان و قەدەغە کردنی ڕاو.

ـ فراوان کردنی تۆڕی ئاوو کارەبا.

ـ دروستکردنی پارك و ڕێستۆران.

ـ دابینکردنی شاری یاری.

ـ ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی گەشتیاران.

ـ دانانی زبڵدان و ئۆتومبیلی تایبەت.

ـ دابینکردنی تەلەفۆن و پۆستو خزمەتگوزاریەکانی تر.

هەموو ئەم خاڵ و پێشنیارانە وەکو کارێکی سەرەتایی دەبێتە مایەی بەرەو پێش چوونی شاری شەقڵاوەی گەشتیاری سوود مەندبوونی گەشتیاران و گەریدەکان لە شەقڵاوە.

سەرچاوەکان..


١. تاریخ شقلاوە_تالیف الشماش میخائیل منصور کوسا.

٢. مکـــــــان یوحـــــــد المـــــــسلمین والمسحیین.دلشادکاوانی،www.iwpr.net

٣. شوێنەوار و قسەی پیرەکانی ناوچەکە.

# سەپاندنی دیاردە کۆمەلاّیەتیەکان بەسەر ژناندا

**ژنێك: خێزان هۆکارێکە کچ تووشی لادان و کاری نا تەندروستی بکات.**

**کوڕێك: ئەگەر ژن خۆی رزگار نەکات، ئەوەی لە کۆمەڵگادا هەیە بە کۆڵی ژن دەدرێت.**

**ئامادەکردنی: بنار گەلاڵەیی _ هەولێر**

هەر لەگەڵ لەدایك بوونی ژناندا، لەساتە یەکەمەکانی هەستکردن بەژیانیان لە کوڕان جیادەکرێنەوە، ئەمەش بۆتە کولتوورو خۆ رزگارکردن پێی ئەستەمە، بەڵکو لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگار ئەو داب و نەریتە کۆمەلاّتیانە زیاتر دەبن و هەر شتێك بکات عەیبە، ئەمەش دواجار دەبێتە تیرۆری دەرونی بۆ ژن، کچ ناتوانێ بە تەنیا بڕوات بۆ دەرەوە ئەگەر بۆ دەقیقەیەکیش بێت، بەلاّم ئەگەر کوڕ بێ جلیش بچێتە دەرەوە یان وێنە بگرێت، یان کاتێ باوك لەگەڵ خۆیدا دەیباتە دەرەوە زۆر ئاساییە، لەهەمانکاتیشدا کوڕەکەی حەز لە کچێك بکات پێی شانازییەو کەیفی دێت کوڕەکەی گەورە بووەو عاشقاتی دەکات، دواتر دیاردەی داب و نەریتی ناو خێزانە کۆنە پەرستەکان تا ئێستاش هەر ماوە لە هەندێك ناوچەدا، وەکو: گەورە بە گچکەیی، ژن بەژنی، بێ پشك و بەشوودانی زۆر..هتد، بە هیچ شێوەییەك ئەم شتە ڕەت بکاتەوە یان بڵێ ئەو کوڕەم دەوێ یان نامەوێ، سەبارەت بەم دیاردەیە کۆمەلاّتیە نامۆیانە، تاکو ئێستا زۆر لە کچان و ژنانی ئێمەی پێوە دەناڵێنن چەند ڕاو سەرنجێك دەخەینە ڕووی خوێنەران.

"ئێمە کۆمەڵگایەکی باوك سالارین بۆیە ئەم دیاردانە زیاتر لەسەر کچ دەچەسپێ" ئەمە قسەکانی کوردستان جەلال تەمەن "٤٥ "ساڵ بوو کە فەرمانبەرە، لە هەست و قسەکانیدا زۆر رەخنەی دەگرت و دەیووت:" دیاردە کۆمەلاّتییەکان، لەوانە گەورە بە بچووکی، ژن بە ژنی دانی کچ لە بڕی خوێن، ئەمانەو چەندین دیاردەی تر کە نامۆن بەکۆمەڵ، ئەم دیاردانە لەسەر کچان دەچەسپێ، بەلاّم کوڕانیش بێ بەش نین لەم دیاردانە

## شۆڕشێکی رۆشنبیری بە پێویست دەزانم و چیتر نەگوترێت ژن زەعیفەیە! ئەی زەعیفە دەبێ زوڵمی لێ بکرێ؟

تا ئێستا چەندین خێزان هەیە کوڕەکانیان ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان دەست نیشانی هاوسەری بکەن" هەروەها ئاماژە دەکات بەوەی کەوا ئەم دیاردەیە بۆتە کولتوورێك لە ناومانداو دەڵێت:" ئەمانە بونەتە کولتور لەناو میللەتی ئێمە، ئەم کولتورەش پێویستی بە گۆڕان هەیە، بۆ نمونە بە پێی داب و نەریتی یەکێك لە هۆزەکانی هیندستان تا ساڵانی حەفتاکان ئەگەر پیاو بمردایە دەبوایە ژنەکەی لەتەکی بسوتێندرێ، بەلاّم وردە وردە ئەم کولتورە نەما ، ئێمەش هەندێك دیاردەی کۆمەلاّیەتی هەیە پێویستە نەمێنێت" لە کۆتایی قسەکانیدا ووتی شۆڕشێکی رۆشنبیری بە پێویست دەزانم و چیتر نەگوترێت ژن زەعیفەیە ! ئەی زەعیفە دەبێ زوڵمی لێ بکرێ.

پەرژین عەبدوڵلا تەمەن"٣٦"ساڵ فەرمانبەر، مانەوەی ئەو دیاردانەو چارەسەرکردنیان بەکارێکی زەحمەتیان وەسف دەکات و دەڵێت:" مانەوەی ئەو دیاردانە زۆر زەحمەتە بنبڕ بکرێن، چونکە هەموو مرۆڤێك وەك یەکتر گەشە ناکەن بیر لە هەموو شتەکان ناکانەوە، هەندێك دیاردەی کۆمەلاّیەتی ڕاستە لە هەندێ ناوچەو لە ناو




هەندێ خەڵك نەماوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت لە زۆر جێگاو خێزاندا ئەم دیاردانە هەر بەردەوامن، هەندێ خێزان هەن کە دەچیە ناو ناخیان دەزانی چەند دواکەوتوونو چۆن بیر دەکەنەوە." ئەو پێیوایە ئەو کولتوورەی کە لە باو باپیرانەوە بە جێماوە ئاوا بەئاسانی بنبڕ ناکرێت، بەڵام پێشنیاز دەکات کچ خۆی هەوڵبدات بۆ خۆ ڕزگارکردن لەم دیاردانە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت:" ئەگەر کچ نەخوێندەوار بێتو ڕادەی تێنەگەیشتنی لاواز بێتو زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری دابو نەریتی خێزان و خێزانیش بە ئاسانی دەتوانێ ئەوەی بیەوێ بیکات لەسەر دەچەسپێنێت."

چنار خەلیل تەمەن"٤٠" ساڵ، پیشەی مامۆستایەتیەو ئەو ڕای وایە دیاردە کۆمەڵاتییەکان بە زۆر بەسەر ژناندا دەسەپێنرێتو تووشی زۆر کاری خراپیان دەکاتو دەڵێت:" هەندێ جار خێزان دەبێتە هۆی ئەوەی کچ تووشی لادانو کاری نا تەندروستی بکات، ئەوەش بەهۆی ئەو دیاردانەی کە لەناو خێزاندا هەیە، کە ئەوەندەی کوڕ

خۆشەویستە لەناو خێزان ئەوەندە گوێ بە کچ نادرێت، یان نازی هەڵناگیرێت، ئەمەش جۆرێك لە بۆشاییو کەلێنێك جێدەهێڵێ لەلای کچەکە وای لێدەکات بەدوای خۆشەویستی بگەڕێت" هەروەها ئاماژە بەو پەراوێز بوونە کچ دەکات تاوای لێدەکات تووشی سێکسکردن بێت لەگەڵ هەندێ کوڕ بێ ئەوەی بە شیاو بزانێتو دەڵێت:" ئەو بۆشاییە خۆشەویستەیە بە شێوەی سێکسی کردن پڕدەکاتەوە، لەگەڵ کەسێك جا ئەو کەسە هەرچیەك بێت ناپرسێ ئاخۆ ئەم کەسە شیاوە یان نا، وەك: ئەو ڕووداوانەی لەم دوایانە لەسەریان شتمان خوێندەوە یان بیستمان، کە چەندەها کەس کوژران لەسەر کاری سێکسی ئەمانە هەمووی بەڕای من هۆکارەکەی خێزانە"

زانا هەورامی تەمەن "٣٠" ساڵ، ئەو پێیوایە کۆمەڵی

کوردی زوڵم لە کورو کچ دەکات لە سەپاندنی دیاردە کۆمەڵاتییەکانو وەك ووتی:" کۆمەڵگا زۆر زوڵم لە کوڕ یان پیاو دەکات ئەگەر جیایی بکاتەوە لە کاریگەری ئەو دیاردە کۆمەڵاتیانەی هەن لە ژن یان لە کچەکان چونکەی هەموو ئەو دیاردانەی بەسەر کچ زاڵە بەسەر کوریشدا زاڵە ، بەلاّم بەشێوەیەکی کەمتر، لەبەرئەوەی کوڕ دەتوانی بڵێ نا بەلاّم کچ ناتوانێ بڵێ نا" هەورامی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت:" کوڕ بەهەمان شێوە تووشی ئەو گرفتانە دێت، لەهەموو کاتەکان کوڕ رازی نییە خوشکەکەی بە زۆری بۆی بە ژن بدەن" ئەو پێیوایە ئەگەر ئەم دیاردە دواکەوتوانە هەر بەردەوام بێت لەناو کۆمەڵگای کوردی پێویستی بە بنبڕکردنی هەیە چونکە ئەم دیاردانە ئەستەمە لەخۆیەوە نەمێنێ یان خێزانە دواکەتووەکان بە ئاسانی دەستەبەرداری ئەم دیاردانەبن، لە کۆتایشدا ووتی:" پێویستە رۆشنبیران کار بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردە کۆمەلاّتیە بکەن لە رێگای نووسینەکانیان."

محەمەد ئیبراهیم تەمەن"٢٧" ساڵ، خودی ژن بە هۆکارێك دادەنێت بۆ بەردەوامی ئەو دیاردانە بەسەر ژندا دەسەپێنرێنو گوتی:" ژن خۆی فاکتەرێکە بۆ مانەوەی ئەم دیاردانە، چونکە سادەییو بێ توانایی ئەو وادەکات ئەم دیاردانە تا ئێستا بمێنێتەوە، هەروەها ژنی ناهۆشیارو نەخوێندەوار زیاتر تووشی ئەم دیاردانە دەبێتەوەو کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری بەرهەم دەهێنێ" ئەو ئاماژە دەکات بە توانایی ژنان کە تا خۆیان نەتوانن لەو دیاردانە رزگار نابنو ووتی:" ئەگەر ژن خۆی هەوڵ نەداتو خۆی لێ رزگار نەکات، پیاویش لەم کۆمەڵگایە ئەوەی هەیە لە کۆڵ خۆی دەکاتەوەو بە کۆڵی ژن دەدات." ئەو پێشنیاز دەکات دەبێ ژن زیاتر عەقلاّنیتر بۆ شتەکان بچێتو زیاتر بیر بکاتەوە بۆ ئەوەی روبەڕوی ئەم جۆرە دیاردانە بێتەوە.

مامۆستا عەبدوڵلاّ ئسیماعیل حەمەد وانەبێژ لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاّحەددین، ئەو رای وایە کە بەردەوامی ئەو دابو نەریتانە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی گواستنەوەی کۆمەڵگا بۆ قۆناغێکی تر کە کۆمەڵگای کوردی بەبەردەوامی ئەمەی بەسەر و هاتووەو دەڵێت:" دابو نەریتە کۆمەڵایەتیەکان کە دروست دەبێتو لەناو دەچێتو دابو نەریتی تازەی شوێنی دەگرێتەوە، ئەوەش روودەدات لەکاتی گواستنەوەی کۆمەڵگا لە قۆناغێکی چەوساندنەوە بۆ قۆناغێکی تری چەوساندنەوە، راستییەك هەیە، ئەویش ئەوەیە کە چینە چەوسێنەرەکان جۆرە دابو نەریتێکی تایبەت بە خۆیان دروست دەکەن، لە رێگای هێزی سیاسی دەستەلاّت، ئابوری، ترسانو ئایدۆلۆژیاکانەوە وا لەچین ژێردەستەکان دەگەیەنن کە ئەم دابو نەریتە هی گشت کۆمەڵگایە، پێویستە پەیرەوی بکرێتن، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی هاوسەنگ و ئاشتی بژی."

**دابو نەریتە کۆمەڵایەتیەکان کە دروست دەبێتو لەناو دەچێتو دابو نەریتی تازەی شوێنی دەگرێتەوە، ئەوەش رودەدات لەکاتی گواستنەوەی کۆمەڵگا لە قۆناغێکی چەوساندنەوە بۆ قۆناغێکی تری چەوساندنەوە**

# لاوازی ئاستی خوێندن لە نێوان خێزان و خوێندنگا



**فەرمان عەبدوللا**

تاوەکو ئێستاش بەر لە هەرکەس مامۆستایانی نێوشارو شارۆچکەکان درك بەم ڕاستیە دەکەن کەبەدەست کۆمەڵێ گیروگرفت دەناڵێنن چارەسەرێکی بنەڕەتیانەش نەبووە.

ئەم کەم تەرخەمیانە خێزان بەپلەی یەکەم وقوتابخانە بەپلەی دووەم بەرپرسیارە لێی، کاتێك سەردانی هەر قوتابخانەیەك دەکەیت کۆمەڵێك دیاردەی سەیروسەمەرەو بێزارکەر نیگەرانت دەکا، بەتایبەتی لەقوتابخانەکانی کوڕان یان تێکەڵاوەکان، جگە لەقوتابخانە نموونەیەکان. هەر لەپۆشینی پۆشاکێکی ناڕێك و تاڕادەیەك پیس وپۆخڵ جگە لەمانە ڕێزنەگرتنی قوتابی بەرامبەر بەمامۆستاکەی و نەخوێندنی وانەکانی کەبوەتە دیاردەیەکی بەرچاو، جگە لەمانەش دروست کردنی باندوگروپ بەناوی جۆراوجۆر، بەتایبەت لەنێو کوڕەکاندا. ڕەنگە ئەمەش لاساییکردنەوەبێت کەلە( tv ) دەبینین و لەسەر دیوارو شورەکانی قوتابخانە ئەینوسن و ریکلام بۆخۆیان دەکەن، بێگومان ئەمەش کاردانەوەی خراپی دەبێت بۆداهاتویان و سستی لاوازی لەپرۆسەی خوێندن دروست دەکات .

لێرەدا من دەمەوێ گرنگی خێزان و ئەرکەکانی بەکورتی بخەمەڕوو، لەئاکتیڤ کردنی ڕۆڵەکانیان.دەبێ ئەم ڕاستیە بزانین کەوا خیزان یەکەم پێگەی بەرهەم هێنانی منالەو منالْ ڕاستەو خۆهەلگری پەیامی خێزانە، دەکرێ خێزان منالێکی تەندروست و بوێرو زیندو، بەپێچەوانەشەوە منالێکی ناتەندروست پەروەردە بکات. لێرەدا ووتەیەکی زانا(جۆن لۆك) بەنمونە دەهێنمەوە کە دەلێت:(مێشکی منالْ وەکو پەڕەیەکی سپی وایە)واتە خێزان بەرپرسە لەنەخشاندنی ئەم پەڕە سپی و بێگەردە.

بەلاّم بەداخەوە زۆر لەخێزانە بەرێزەکان وەکو پێویست گرنگی بەمناڵەکانیان نادەن، چونکە گرنگی دان تەنها ئامادەکرنی خۆراك وپێدانی ڕۆژانە و جل وبەرگ نیە. پێویستە خێزان گرنگی تایبەت بدات بەزمانێکی تەندروست و پاك وخاوێن ڕاگرتنی و باوەربە بەخۆبوون و گوێرایەڵی هتد... لەگەڵ ئەمانەشدا ڕێکخستنی کارو بارەکانی ژیانی ڕۆژانەی بەرنامەرێژی بۆسازبدات، تا ئەوکاتەی خۆی بەئەرکەکانی رادەگا. دوای تەواوکردنی تەمەنی ( ٥ ) ساڵی و پێ خستنە نێو تەمەنێکی نوێ، کەدەبێت بە( ٦ ) ساڵان قۆناغێکی نوێ لەژیانیدا دەستپێ دەکات، کەقۆناغی قوتابخانەیە، منالْ زۆر تامەزرۆیەتی کەبچێت بۆ قوتابخانە ئارەزووی هەبوونی پەرتوك و هەلگرتنی جانتاو کەل پەلەکانی قوتابیانە. بۆیە خێزان بەرپرسە لەدابینکردنی حەزوو ئارەزووەکانی ڕۆڵەکەی تا وەکو ئەم حەزەهەمیشەیی بێت. لێرەدا ئەرکی خێزان قورستر دەبێ بەوەی دەبێت چاودێرێکی باش و بەردەوامی مناڵەکەی بێت، چونکە بەدەوروبەر تێکەڵ دەبێت.

بەتایبەتی لەقۆناغی یەکەم کەبەپێی تیۆری یەکەمی قوتابخانە سەرەتاییەکان پۆلی یەکەم وپۆلی دووەم دەگرێتەوە. قۆناغی دووەم پۆلی سێیەم وچوارەم دەگرێتەو قۆناغی سێیەم پۆلی پێنجەم وشەشەم دەگرێتەوە. بەلاّم لەتیۆری دووەم قۆناغی یەکەم پۆلەکانی یەکەم ودووەم وسێیەم دەگرێتە خۆی وە قۆناغی دووەم پۆلەکانی چوارەم وپێنجەم وشەشەم دەگرێتە خۆی.

**زۆر لەقوتابخانەکانیشمان بینایەیکی گونجاوی نیە یان شوێنی هەڵکەوتنی شیاوی قوتابخانە نیە، پێویستە حکومەت و وەزارەتی پەروەردە بیر لەم گیروگرفتانە بکاتەوەو چارەسەری گونجاوی بۆ بکا**



قۆناغی یەکەم بناغەو ناسکترین قۆناغـە لەپرۆسـەی خوێنـدن. بۆیە دەکرێت خێـزان دەورێکی بـاڵاو ئاکتیڤانـەی هـەبێت و بـەردەوام ئاگـاداری هەمولایەنەکانی منداڵەکەی بێت، بەردەوام سەردانی قوتابخانەکە بکـات و لێپرسـینەوەی ڕۆژانـە لـەئاکارو گوفتـارو وانـەکانی ڕۆژانـەی سـەردانەکانیش بـەئامانجی چارەسـەرکردنی کێشەو کـەم وکوریـەکان بێـت، چونکە توانای چارەسەری خێرای هەیە لە تەمەنی منالیدا دەکرێت لەم قۆناغەدا دوارۆژێکی گەش وکەسایەتیەکی سەرکەوتو بۆ منـاڵ دروست بکرێت.

ئەمـەش تـەنها بەچـاونەبڕینی خێـزان دێتـەدی بەیارمـەتی دانـی وپێـشکەش کردنـی وەڵامـی ڕاسـت و ڕاسـتگۆیی لەبەرامبـەریو پاراستنی لەبینینی توندوتیژیو تێکەڵ کردنـی بـەدنیای منداڵانـە، خێزان کە توانی سەرکەوتوانە قۆناغی یەکەم ببڕێت، بێگومـان لـە قۆناغەکانی داهاتودا ئەرکی ئاسانتردەبێ بەوە کـە منالّەکـە خـۆی فێری پیتەکان و لێکدانیان بوو فێری هەندێ کرداری بیرکـاری بـوو شارەزای زانیاریە سەرەتاییەکان بوو. خـۆی هـۆگری خوێندنـەوەو نوسین دەبێ حەزدەکا کەهەمیشە تواناکانی بـەدەر خاودەوروبـەر تواناکانی ببینێت. دایك وباوك لێـرە دەکـرێ پاداشـت وسـزا بـەکار بێنن، سزایەك دوور لە توندوتیژی. چونکە تەنهاسـەرەتاکان تـۆزێ سەختن، کورد گوتەنی :( خوی شیری هـەتاپیری )کـەمنالّ خـوی گـرت بـەفێربونی خوێنـدن ونوسـین وەرگرتنـی زانیاریـەکان و خورەوشـتێکی بـەرز گومـان نیـە کـەکردارەکانیش لەگـەڵیا گەورەدەبن. سەربەرزی وشکۆمەندیش بۆ خێزان دەبێ کۆمەڵگاش سودمەند دەبێ .

لایەنی دووەمی ئەم لاوازیەش بۆزۆربونی ڕێژەی زۆری قوتابیـان وکـەمی قوتابخانـەکان دەگەڕێتـەوە کەلەژورێکـدا نزیکـەی( ٧٠ )قوتـابی هەیـە ئەمـەش لەقوتابخانەیـەك بـۆ قوتابخانەیـەکی تـر جیـاوازە، گومـان نیـە کەئەمـە کاردانەوەیـەکی سـلبی دەبـێ لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن . ئاسـان نییـە مامۆسـتا بتوانێـت لـەماوەی (٤٠)خولـەك پـۆل ئـارام بکـات وڕێژەیـەکی بەرچـاوی قوتابیـانیش بەشـداری پێبکـات .هەرچـەندە قوتابخانـەی تـازەش کراوەتـەوە بـەلاّم بەبـەراوردی ڕێـژەی قوتابیـان وفـراوان بـونی بـەردەوامی شاروشارۆچـکەکان بەشـی پێویـست نیـە، زۆر لەقوتابخانەکانیشمان یـان بینایـەیکی گونجـاوی نیـە یـان شـوێنی هەڵکەوتنی شیاوی قوتابخانە نیە .پێویستە حکومەت و وەزارەتـی پـەروەردە بـیر لەچارەسـەری ئـەم گیروگرفتانـە بکاتـەوەو چارەسـەری گونجـاوی بـۆ بکـا. لەپـشوی هاوینـدا دەسـت بکرێـت بـەنۆژەن کردنـەوەو ڕێکخـستنەوەی باخـچەو یاریگـاو هۆڵـەکانی خوێندن وچاکردنەوەی دەرگاو پەنجەرەکان نـەك لـەکاتی دەوامـی قوتابیاندا.

دامەزراندنی رابەری پەروەردەی لەقوتابخانەکاندا کەگرینگیـەکی زۆری دەبێت ودەکرێت ببێت بەچاکسازیباری قوتابخانـەو ئـەرکی بەرێوەبـەرو یاریـدەدەرو مامۆسـتاکانیش کـەم دەکاتـەوە.بـەلاّم دەبێت مامۆستایەکی سەرکەوت وبەئـەزمون و بـەتوانا ئـەم ئەرکـە بدرێتی وشیاوی ئەم کارەبێت .هەروەها دابین کردنـی کـەل وپـەلی فێرکردن (وسائیل تعلیمیه) بەتاییەت لـەقۆناغی یەکەمـەوە، بـونی پەیوەندیەکی بەردەوام لەلایەن قوتابخانەو خێزانەکانەوە بەشێکی گـرنگ دەبێـت لەچارەسـەرکردنی گرفتـەکان بەمـەوە دەتوانرێـت دواڕۆژێکـی گـەش بـۆ نـەوەکانمان وکـۆ مەڵگایـەکی ڕۆشـەن ومەدەنیانـە دروسـت ببێـت. ئاسـتی پـەروەردەو فێرکـردنیش بەرزببێتەوە بۆقۆناغێکی نوێ.

# سوپەر مارکێت و خوێنەری ڕۆژنامە



نەجات روستی
najatrosty@yahoo.com

بواری رۆژنامەنووسی تادێ فراوانتر دەبێ، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتەکانی زانکۆی سلێمانیو کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینو هەردوو پەیمانگای تەکنیکی سلێمانیو هەولێر، خواستو ویستی زۆرێك لەو لاوانەی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندانو بەڕێوەچوونی چەندین خولی جۆراوجۆری ڕۆژنامەنووسی لەشارەکاندا، کە وای کردووە رۆژنامەو گۆڤاری زۆرمان هەبێت، هەرچەندە بوونی ئەو هەموو رۆژنامەو گۆڤارانە زۆربەیان تەمەنیان کورتەو بۆماوەیەك بەردەوام دەبن، دواتر بەهۆی بوونی چەندین گرفتی مادیو تەکنیکیو نەشارەزایی لە رۆژنامەگەریدا، هۆکاری پەککەوتنی رۆژنامەو گۆڤارەکانە، هۆکاری سەرەکیش نەبوونی خوێنەری رۆژنامەو گۆڤارەکانە، ئەمەش ناچاریان دەکات تیراژێکی کەمیان لێ چاپ بکرێ، چونکە لەڕووی مادیەوە زەرەرمەند دەبنو فرۆشیان لەبازاڕ نیە، ناچاردەبن پاشماوەی نەفرۆشراوەکان بۆ خەزێنەی رۆژنامە بگەڕێننەوەو ئەرشیفیان بکەن، زۆرێك لە رۆژنامەکان دوای دەرچوونی ژمارەی نوێ، ئینجا ژمارەی پێشوو کە ماوەتەوە بەدیاری بۆ هەندێ شوێن ئەنێرن، نەفرۆشانی رۆژنامەو گۆڤارەکان ستافی کارا بێ ئومێد دەکات، لە خۆبردووی جارانیان نامێنێ، بۆیە تاقەتیان نامێنێو پرۆژەکە دەوەستێ، هەندێ لەرۆژنامەوان و نووسەران تەنها بۆناو بانگ و خۆناساندن رۆژنامەو گۆڤار دەردەکەن ، کە بەهیچ شێوەیەك ویستی خوێنەر لەبەر چاو ناگیرێ، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئایا لەم رۆژگارەدا ئەو هەموو گۆڤارو رۆژنامەمان پێویستە؟ تەنیا لە سنوری پارێزگای سلێمانی بەپێی ئامارێکی لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ١٤٥ رۆژنامەو هەفتەنامەو ١٤٧ گۆڤاریش دەردەچن، دیارە ئەم رێژەیە تەنیا ئەوانەن کە بەشێوەیەکی فەرمی مۆڵەتیان وەرگرتووە، جگە لەوانەی مۆڵەتیان نییە، بێجگە لەو بلاْوکراوانەی لە ناوەندەکانی خوێندن دەردەچن، کە بوونیان باشترە لەنەبوونیان، ئەرکی سەرەکیان پەیداکردنی خوێنەرە بۆ خۆیان، ئەگەر خوێنەریان زۆر بوو ئەوا بەدڵنیاییەوە رۆژنامەو گۆڤارەکەیان بەردەوام دەبێتو کاری جوانتر دەکەن، هۆکارێکی گرنگ بۆ سەرکەوتنی هەر رۆژنامەیەك دابەش کردنە واتا بە ئاسانی گەیشتن بەدەستی خوێنەر، ئێستا لە ناو سلێمانی

**گۆڤارو رۆژنامەکان ئەگەر لەگەڵ نانی گەرمی بەیانیان بگەیێنرێنە مالاْن، ئەوا خوێنەری زیاتریان دەبێت**




رۆژنامە تەنها لە بازاڕی شار دەفرۆشرێت، کە ناو چەقی بازنەی بازاڕە، ئەگەر کەسێك لەگەڕەکێکی وەك: سەرچنار ئارەزوی خوێندنەوەی رۆژنامەی هەبێ، دەبێ بۆ بازاڕ رێگایەکی دوور ببڕی، بەڵام ئەگەر لە هەندێ دوکانی ناوبازاڕی سەرچنار یان دوکانی لا کۆڵانەکانی تر رۆژنامە هەبێت، بەپارەش نەبێت لە دوکانەکان دابنرێت، ئەتوانێ خوێنەری زۆر بکات بۆ رۆژنامەکەی، بۆ نمونە: خاوەنی دوکانێك کوڕێکی گەنجە، ئەگەر رۆژنامەی لابێت لەکاتی بێزاری بەناچاری رۆژنامەکە ئەخوێنێتەوە، بەمەرجێك بابەتەکانی سەرنج راکێش بن، تەنیا جارێك دووجار بیخوێنێتەوە بەدڵنیاییەوە دەبێتە خوێنەر، دواتریش هاوڕێکانی چاو لەو دەکەن، یاخود بابەتێك سەرنجی راکێشاوە بەهاورێکەی دەڵێت: ئەم بابەتە بخوێنەوە ئەویش بەیەکێکی تر دەڵێ‌و ئەویش بەیەکێکی تر ئەوا خوێنەر زۆر دەبن، لەماڵەوە ئارەزوی خوێندنەوەی رۆژنامە بکەن، ئەگەر لەگەڕەکان هەبێت بەئاسانی دەستمان دەکەوێت، لە هەر دووکانێك (١٠–١٥) خوێنەری بەردەوام هەبێت، بەدڵنیاییەوە رۆژ دوای رۆژ رێژەی خوێنەر زیاتر هەڵدەکێشێ، رۆژنامە فرۆش‌و تیراژی زیاتر دەبێ، تا وای لێدەێت دەبێتە پرۆژەیەکی بازرگانی، دەوڵەمەندەکان هاندەدات رۆژنامەنووسان‌و شارەزایانی بواری راگەیاندن لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە بۆ کردنەوەی کەناڵی ڕاگەیاندن تا لەرێگەی ڕاگەیاندن رێکلام بۆ کاڵاکانیان بکەن، ئەگەر خوێنەر زۆر بوو ئاشنایەتی زیاتر لە نێوان خەڵك‌و کاڵاو بازاڕ پەیدا دەبێت، ئەمەش هۆکارێکی بەهێزە بۆ گەشەسەندنی بواری ئابوری لەووڵات‌و بوژانەوەی کەرتی تایبەت، لە بوارە جیاجیاکانی بازرگانیدا کە سامانەکانیان خستۆتە کار، لەهەمان کاتیشدا هاندانێکە بۆ بەرهەم هێنانی خۆماڵی‌و دابەزاندنی نرخی کاڵاکان کە لەدەرەوە بۆمان دێت، ئەگەر ببێتە نەریت رۆژنامەکانی رۆژانە لەرێگەی دابەشکردنی خۆیانەوە بەیانیان زوو رۆژنامە لەماڵەکان لەگەڵ نانی گەرمی بەیانی بخوێنرێتەوە، سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنن، ئەو رۆژنامانەی ئەم شێوازە دەکەنە بەرنامەی خۆیان ڕەنگە هەندێ لەسەرنوسەرو ستافی رۆژنامەکان بڵێین: ئەمە کارێکی ئەستەمەو ناکرێ، هەمووشتێك لەسەرەتادا قورسە، بەڵام بەردەوام بوون‌و کارکردن لەسەر ئەم شێوازە هەم خوێنەر ڕادەهێنێ‌و هەمیش جێگای رۆژنامە زیاتر لە نێو خەڵك دەکاتەوە، ئەگەر لە هەموو ئەو سوپەرمارکێتانەی لەشاردا هەن رۆژنامەو گۆڤاریش وەك کاڵاکانی تر هەبێت، کارێکی جوانەو رێگەی چەندین خوێنەر کورت دەکاتەوە، لەجیاتی ئەوەی بچینە بازاڕ بۆ رۆژنامەیەك، لە سوپەرمارکێتەکان رۆژنامەی دەست دەکەوێ، بەدڵنیاییەوە ئەو کەسانەی هاموشۆی ئەم شوێنانە دەکەن خەڵکانێکی رۆشنبیرن، رۆژنامە بازاڕی دەبێت، خزمەتێکی زۆریش بەبواری رۆشنبیری دەکات، پێشنیاز بۆ هەموو سوپەرمارکێتەکان دەکەم کە لە نێو بەشەکانی سوپەرمارکێتەکانیان کتێبخانەیەکی بچوك بکەنەوە، بۆ دەست کەوتنی رۆژنامەو گۆڤارەکان، داواش لە وەزارەتی رۆشنبیری دەکەم هاوکاریان بکات‌و کار ئاسانیان بۆ بکات بۆ ئەم کارە پیرۆزەیان.